

# که له‌گه‌ڵ په‌پوله‌دا ده‌چیته به‌هه‌شت

سانا حه‌سه‌ن

لێناگه‌ڕێم هه‌نگاو به‌ره‌و ماڵی دڵم بنێی
ده‌ترسم له نزیکبوونه‌وه‌ی خۆم له تۆ
نزیکبوونه‌وه‌یه‌ك نه‌خۆم دانم پێدا ناوه
نه باوکم حه‌ڵاڵی کردووه
که تۆ له ته‌نافی سه‌ربانی ته‌نیاییمدا
شاعیرانه ده‌له‌ریه‌وه
هیچت پێ نییه
که به په‌یژه‌ی تۆزاویی رۆحی مندا شۆڕده‌بیه‌وه
ته‌نیا خه‌ونێکی حه‌رامی
ئاخر چۆن په‌رژینی دڵم له پێشوازیتا بشکێنم
که بۆنی مردنت لێ دێ؟

ڕێت پێ نادەم دەست بۆ سێوی حەرام بەریت
با جارێکی تر بەتاوانی تۆ منیش بەر نەفرەتی خوا نەکەوم
بڕۆ واز لە تەنیایی شەوی من بێنە
ڕەشێتیی من بەتۆ سپی نابێتەوە
پایزی وشکی لێوەکانم
بەنوتفەی شەهوەتی تۆ سەوز نابێتەوە
با بۆ ڕۆژێ جەستەم بۆگەن نەبێ
با بۆ شەوێ خوا لەخۆم توڕە نەکەم
دەستم بەردە
حەرامە ناولەپم بۆ مەخوێنەوە
باوەڕم بە هێڵەکانی ناودەستم نییە
تۆ نازانی ژمارە هەژدەی دەستی ڕاستم
لە ڕۆژژمێری عومرمدا چەندە شومە
ڕۆژی سووربوونی جەستەمە بە خوێن
ڕۆژی کوژرانی دەزگیرانەکەمە لە کەپکی خۆکوژیدا
ڕۆژی لەخاچدانی ماچە بەدەستی پڕ لە قینی باوکم
ڕۆژی مژینی گوڵەگەنمێکی سەوزە
بە خەندەی دڕۆینی کوللەیەك
شەوی ترازانی ڕوحە لە جەستەی بەجێماوی شەهیدێك
هەژدەی هەموو مانگێ
لاشەی هەژدە کچی عاشقی ساویلکە
لەو ئاقارە سامناکەدا خوناوی لێ دەنیشێ
هەژدەی گەڵاڕێزانی هەموو ساڵێ
پایز بێڕەحمانە دەست لە قورگی دوا گەڵای زەرد دەنێ و
بەر لە وادەی ئەجەل دەیخنکێنێ
بڕۆ واز لە کردنەوەی بەختی من بێنە
لەمێژە مردووم وەسیەتم لای هەنارێك کردو
بە شایەدی دوو هەڵوژەی شیرین
دڵم بە میرات بۆ مێرووڵەیەك داناوە
ڕۆحم بە داگیرساوی لە پۆلێکی خوێندنا جێدێڵم
هەر دە پەنجەی دەستەکانم دەدەم بە (بێکەس)
تا ملوانکەیەکی تری پێ بهۆنێتەوە
کورسییەکی تری پێ دروست کا
دەفتەری شیعری چاوەکانم بۆ قوتابییەکی خۆم جێدێڵم
تا لە فێستیڤاڵە بێسەروبەرەکاندا بیخوێنێتەوە
نا نا

ناولەپم بۆ مەخوێنەوە
خوا دەزانێ هەشتاو یەکی دەستی چەپم
دەفی چ شینێ دەگێڕێ
رێت پێ نادەم
لە ئێوارە پیاسەیەکا رێگای حەزم لەگەڵ ببڕی
بە کۆڵانی ژمارە هەشتاو یەکمدا بەریت و
دەستی گوناهی من بگری
نەبا باوکم لە بەر دەرگا راوەستابێو
بۆنی دەستەکانم بکا
ئەوسا تۆ تۆ دەڕۆی  لەگەڵ پەپولەیەکا دەچیتە بەهەشت
منیش بە دەمی چەقۆیەکی تیژ
بە دەستی پیاوێك کتومت لە باوکم بچێ
سەردەبڕێم و فڕێ دەدرێمە دۆزەخ
تۆش بەلاما تێدەپەڕی و ناشمناسیتەوە٠

